# بیری راگوزاری

# بەچرپە

-1-

ئێوە بەسەرهاتەکەی لەمەڕ مامەخەمەو ئافرەتەکانتان بیستوە؟!. بڕواناکەم. ئەگەر ئارەزوودەکەن، گوێبگرن بۆتانی بگێڕمەوە..

ڕۆژێکیان مامەخەمە لەسەر پیشەی خۆی (کەهەمیشە وێڵی ناوکۆڵانەکانی شارەکەیبوو، بەمەبەستی گەڕان بەدوای گیروگرفتی مەردمەکەو چارەسەرکردنیاندا)، بەکۆڵانێکدا رابوردو روانی وا ئافرەتانی دوو ماڵەدراوسێ، بەناویەکدیدا جەنجاڵن و یەکتریان خەڵتانی خوێنکردوە.

مامەخەمە هەرهێندەی ئەو دیمەنە دڵپروێنەیبینی، هیچ بەپێویستی نەزانی لەسەری بوەستێ و، بیرێکی لێبکاتەوە. خۆی هاویشتە کۆڕەوەو، زۆر بەدڵسۆزیو جۆشوخرۆشەوە، کەوتە چنگبەردانی ئەمو پاڵپێوەنانی ئەوو، لەگەڵیدا بەپاڕانەوەوە پەیتاپەیتا هاواریلێدەکردن:

ـ دایکەکانم.. خوشکەکانم!.. لەپای چی وادەکەن؟!. دەستتان ماچدەکەم شەرمەکەن.. توخوا شەرمەکەن.

لەکاتێکدا ئەو ئاوەها دەپاڕایەوە، چەندان چرنووك و نوقورچی لەگەرمەی شاڵاوبردن و پاڵەپەستۆی ئافرەتەکاندا بەردەکەوت و، کسپەیان لەجەرگی هەڵدەستاند.

بـەڵام ئـەو دەربەسـتنەبوو. ئـەو تـەنیا بـەجێهێنانی ئەركـە پیرۆزەكـەی سەرشـانی مەبەستبوو. ئیتر ئازارچەشتن چ قوورەتە ڕێگای پێبگرێو بێزاریبكا.

مامەخەمە دوای هەوڵوكۆششێكی پاڵەوانانە، توانی بەئاوی دڵپاكیو لێبوردەیی خۆی، ئاگری رقوكینەی ناو دەروونی ئافرەتەكان دابمركێنێتـەوەو، چنگیان لەیـەكتر پێبەربـدا. ئەوسـا ئـیتر بەگـەلێك دڵنیـاییو بـەدەم زەردەخەنەیـەكی گەشـی سەركەوتنەوە، پشتی تێكردنو بەرەوكۆڵانێكیترو بۆچارەسەركردنی گیروگرفتێكیتر ملینا. كەچی تەنیا چەند هەنگاوێك دووركەوتبۆوە، كاتێ بەخۆی زانی كەنراوەتە ژێر. بە نوقورچو گازو جەزرەبەی پانیبەرز دادەپلۆسرێو، بەلێشاوی تفو جنێوو لەعنەتیشەوە پێیدەووترێ:

ـ هەی گەماڵباوك خەتای تۆبوو.. تۆبوویت ئێمەت بەشەڕدا.. ئێمە موومان بەنێواندا نەدەچوو!.

مامەخەمـە بیرازێكـی باشـكرا، ئینجـا وازیلێهێنـرا. بـەڵام هەرهێنـدەی كەوتـەوە سـەرپێ، وەك نەبایـدیبێو نـەبۆران، ڕوویكـردەوە كۆڵانـان، بۆبـەجێهێنانی ئـەركی پیرۆزی سەرشان.

مـن بەسـەرێك مامەخەمـەم گـەلێك خۆشـدەوێ، چـونكە نموونـەی دڵپـاكیو لەخۆبووردەییـە. بەسـەرێكیش چارەییم لاگرانـە، چونكە نموونـەی گەمژەیی و ساوێلكەییشە، كەئەمە دەردێكی كوشندەو نالەباری مرۆڤە.

–2–

مامەخەمـە دوای كۆڵنـەدانێكی دوورودرێـژ، ڕۆژێكیـان بۆیەكـەمجار ورەی بـەرداو، ئـەو ڕۆژەی بۆهەڵـدانی بانگـەوازی نـاڕەزاییو بێـزاری تـەرخانكرد. كۆڵانبەكۆڵانی شارەكەی تەیدەكردو، بەدەنگی بەرز دەیووت:

ـ خەڵكینە هەق ژێركەوت.. خەڵكینە هەق پسا!.

کەچی کەسێك لەخەڵکەکە خۆی خەریکنەکرد لێیبپرسێ: بۆچی؟!. بەڵکو یەك بەیەکتریان دەووت:

ـ بەسزمانە خڵەفاوە!.. وڕێنەدەکا!.

لەناویاندا تەنیا ئافرەتێك لەئێوارەوەختێکی درەنگدا، بووبەکوڵکییەوەو بەگیریهێنا. پێیووت:

ـ ئەرێ کابرا تۆ لەپای چی بوختان بۆهەقدەکەیت؟!. تۆ دەتەوێ هەق ریسوابکەیت!. ئەی ئەگینا هەق چۆن ژێردەکەوێ‌و، چۆن دەپسێ؟!.

ئەم قسانە دەروونی مامەخەمەیان ئاگرداو، جگەریانداخکرد. لەدڵدا وتی: "ئاهوورەمەزدە هاوار.. مامەخەمە بوختان بۆهەقدەکا!.. هەق ریسوادەکا!".

ئەوسا وەك لەبەر عەرشی ئاهوورەدا سوژدەبەرێ، چاوی بڕییە قووڵایی ئاسمانی شین‌و بۆماوەی چەند ساتێك لەسەر ئەو بارەی حەپەسا. تا ئینجا لەسەرخۆ روویکردەوە ئافرەتەکەو، بەدەم زەردەخەنەیەکی دڵسۆزییەوە وتی:

ـ ئەرێ توخوا دایکەکەم تێمناگەیەنیت، تۆ بۆچی دەمت لەپانییەو لووتت لە درێژی؟!.

ئافرەتەکە هیچ بیرێکی لەقسەکە نەکردەوە.. هیچ لەسەری نەوەستا!. پانیبەرزی لێخستە مشت‌و، کەوتە کوتانەوەی سەروگوێلاکی‌و، ریشە سپییەکەی بەخۆڵی بنی پانیبەرزەکە بۆردا گەڕا. ئافرەتەکە بەدەمییەوە پەیتا پەیتاش دەیشیڕاند:

ـ هەی گەماڵەپیرەی تڕن، ئەوە گاڵتەم پێدەکەیت؟!. گوایە تۆی خڵەفاو دەتەوێ بەئەقڵی من پێبکەنیت؟!.

مامەخەمەش لەوەڵامیدا تەنیا وتی:

ـ نەمووت!.. دایکەکەم نەمووت هەق ژێرکەوتووەو پساوە؟!.

ئینجا بۆیەکەمجاریش، بۆخەوتن‌و حەوانەوە لەئازارو ئەشکەنجەی ئەو رۆژەی، رووی لەدەشتودەرو یاڵەکانی دەرەوەی شارکرد.

-3-

مامەخەمە لەدەرەوەی شار ئارامینەگرت. زویربوونی لەمەردمەکە تەنیا سێ رۆژ درێژەیکێشا. لەو ماوەیەدا بەردەوام خۆیدەخواردەوەو، مێشکی خۆیدەکرۆشت. لەدڵدا بەسەریك دەیووت: "ئاخۆ بەنەبوونی من شار ئێستا لەچ پاشاگەردانییەکدابێ؟!". بەسەرێکیش دەیووت: "بەجەهەنەم.. من چیمە بەسەرییەوە!".

بەلام لەئەنجامدا خۆی پێڕانەگیراو، لەسەر خواستی ئاهوورامەزدە روویکردەوە ناوشار. کەچی هەرهێندەی پێیتێنا، تێگەیشت شار خرۆشاوەو خراپیش خرۆشاوە. لەلاوە منداڵێکی بەگیرهێناو لێیپرسی:

- ئەرێ کوڕە شیرینەکەم ئەوە چی روویداوە؟!.

منداڵەکە لەوەڵامیدا وتی:

- مامەگیان.. هەتا زووە خۆت لەم شارە قورتارکە. ئەم شارە سێ رۆژە بەرلەعنەتی خوا کەوتوە.

بەپەرۆشەوە لێیپرسییەوە:

- بەرخەکەم بۆچی؟!.

منداڵەکە وتی:

- چونکە سێ رۆژ لەمەوبەر ئافرەتێکی نەفام، مامەخەمە ناوێکی داوەتە بەرپانیبەرز، کەخەڵکی شار بەپەیامبەرێکی دڵسۆزی ئاهوورایان ناسیوە.

مامەخەمە لەئاستی ئەم وەڵامەدا، بۆماوەی چەند ساتێك حەپەسا. دواجار هەستێکی سەربەرزیو شانازی رایماڵی. ئەوسا بەرەو ناوجەرگەی شار هەڵمەتیبردو، کەوتە هاوارکردن:

ـــ خەڵکینە.. دڵسۆزانم.. من مامەخەمەم.. وا هاتوومەتەوە ناوتان. بەهەڵەچووبووم کەلێتان زویربووم. تکایە بمبەخشن. من بووبوومە هۆی دەردیسەریو ئازار بۆتان.

مەردمەکە لەسەرەتادا بۆئەم بانگەوازەی، دەستیان بەسنگەوەدەگرت. کۆلانێکو دووانو شەقامێکو دووانو، خەڵکەکە کڕنوشویان بۆدەبرد. بەلام زۆری پێنەچوو بەچارەی نەگریسی راهاتنەوە!. لەبەرچاویان بۆوە بەکابرا بەسزمانە خڵەفاوە ورێنەکەرەکەی رۆژانی دێرین!.

ئەوسا هەرئەو مەردمەی لەپێناویدا شاریان خرۆشاندبوو، بێشەرموشۆ پەلاماریانداو کەوتنە بیرازکردنی. زۆربەی هەرە زۆریشیان هاواریاندەکرد:

ـ ئەگەر ئەم مامەخەمەیە ناوشاری جێنەهێشتایە، ئێمە ئەو ئاژاوەیەمان تێنەدەکەوت!. خەتای ئەوبوو.. ئەو ئاژاوەیە لەچاوی ئەو دەناسریَ!!.

-4-

مامە خەمە دوای ئەوەی بۆجاریجارەها خەڵتانی خوێنکرایەوەو، ریشە چەرمگەکەی بەتۆزوخۆڵی بنی پێلاوەکانی خەڵکەکە چڵکنبۆوە، نیوە مردوو لەپاڵ دیواری کەلاوەیەکدا لێیراکشاو، ویستی وچانێك بەبیروهۆشو هەستونەستی خۆیبدا.

بەلام بێسوودبوو!..ئەو ئەگەرچی ئازاری زامی سەروڕووخسارو، جێگەی شەقو مشتەکوڵەکان، وەك جێگەگازی کەڵبەی سەگی هار بەسەراپای جەستەیەوە، کسپەیان لەجەرگو ناخی دڵودەروونیدەدا، کەچی نەیدەتوانی بیروهۆشو هەستونەستی هەردەم بەجۆشی خۆی سڕبکاو، تەووژمی لەبننەهاتوویان رابگریَو، ئەو وچانە بۆخۆی سازبکا.

هەستونەست خرۆشا..بیروهۆش وورووژاو، بەلاپەڕەکانی گشت کردارەکانی خۆیو رەفتارەکانی خەڵکەکەدا کەوتەوەگەڕ. لەئەنجامیدا هەستونەست پتر خرۆشاو، بیروهۆش بەپەلەتر بەلاپەڕەکانی کردارو رەفتارەکانی، باووباپیرانی خۆیو خەڵکەکەی شاردا کەوتەوەگەڕ. ئەوسا لەناکاوێکدا، دایە قاقای پێکەنینێکی بەکوڵی ئەوتۆ، کەلەناو کەلاوەکەدا وەك هەورەتریشقە دەنگیدایەوەو، لەدڵدا وتی:

"سوپاس بۆئاهوورامەزدەی مەزن. خەڵکی شارەکە پێیانسەلماندم، کە بەبێمن هەڵناکەن و، بەبێمن ناژین".

ئانوسات کوننەبەبوویەك لەسووچێکی کەلاوەکەوە، وەك لەلای خۆیەوە پێکەنینی بەقاقاکەی مامەخەمەبێ، بەدەنگە گڕە کپ و ناسازەکەی بۆیسەندەوە!.

-5-

قاقای پێکەنینەکەی مامەخەمە، لەناکاوێکدا کپبوو. وای هەست بەخۆیکرد، کەمشتوپەنجەیەکی قەبە، خۆیکوتایە سنگییەوەو، کەوتە هەڵووشینی دڵی لاوازی پڕ لەئازاری. بەدوایدا هەستیکرد کەبەری بینایی، روو لەلێڵی و تاریکبوونە. ئەوسا پرسیارێکی سامناك لەقووڵایی بیروهۆشییەوە سەریلێهەڵدا: "دەمرم؟!".

تەووژمێکی لەرزو مووچڕکەیەکی تیژ، جەستەی راتەکاندو دانەچۆقەی پێخست. لەبەرخۆوە وەك ورێنەی سەرەمەرگبکا، دەستیکردە هاوارو ناڵە: "ئاهوورامەزدە هاوار... بەزەییت بەم شارە کلۆڵەدابێتەوە. لەبەرخاتری ئەوان فریامکەوە. هێشتا پێویستیان پێم هەیە. بەسزمان و بێچارەن. هێشتا رێگای چاکەیان لێوونە. مەیەڵە بێمن بن. من تاقە تروسکەیەکم لە شارەکەیاندا، کەڕێگای چاکەیان پێنیشاندەدەم. بەنەمانی من ئەو تروسکەیەشیان لێدەکوژێتەوەو، ئیتر بۆهەتاهەتایە، نوقمی دەریای تاریکیدەبن و، دەکەونە داوی ئەهریمەنەوە. بیانبەخشە. خۆیان پێنازانن. من لەباتی ئەوان پێدەزانم و، ئەم هاوارەت بۆدێنم. فریامکەوە. شارەکەم.. مەردمە بەسزمانەکەی.. فریامنەکەویت چاکە دەبەزێ و، نەمری بۆخراپە دەبێ.. هاوار.. داد.. هاوار.

هاوارە بەسۆزەکەی مامەخەمە، وەك ئاوازێکی نەمری تەلیسماوی، لەگشت کووچەیەکی کەلاوەکەدا دەنگیدەدایەوە. کوننەبەبووەکە، دەنگی خوێندنە ناسازە پڕ

لەڕقوكینەكەی، پتر بەرزكردەوە. هاوارەكەی مامەخەمە وردەوردە كپبوو. بەدوایدا كوننەبەبووەكەش خۆی لەخوێندنی پڕ لەڕقخست. ئەوسا مامەخەمەو كەلاوەكەو كوننەبەبوو، چوونە ریزی یەكترو، بوون و نەبوون بەلای هیچیانەوە بایەخێكی نەبوو.

-6-

مامەخەمە نەمرد!.. ئاهوورەمەزدە بەفریایكەوت و، ئەویش لەشوكرانەبێژیدا سرەوتینەداو، هەربەو نیوەشەوە كەوتەوە تەیكردنی كۆلانەكانی شار.

كۆلانێك و دووان و سیانیبڕیو، چاكەكاری باڵی ئاوریشمینی بەسەرداكێشابوون. هەستێكی شانازیكردنی قووڵ بەخۆوە، پرشنگی بەناخی دەروونیداهەڵداو لەدڵدا وتی:

"ئەهریمەنم شاربەدەركردوە!".

بەڵام لەپێچی كۆلانی چوارەمدا، ئەهریمەن لەناكاوێكدا لێیدەرپەڕیو، قاقای پێكەنینە ژەهراوییەكەی خۆی بۆجاری هەزارویەكجارە بەڕوودادایەوە. سێ زەلامی زرتەبۆز، نیشتبوونە گیانی كابرایەك و لەتووپەتیاندەكرد!. ئەم لێیانچووەپێش و، بەدەنگێكی پڕ لەسۆزو ڕێزەوە وتی:

- ئەرێ كوڕە شیرینەكانم..ئەوە بۆچی ئەو كابرایە ئاوەها لەتوپەتدەكەن؟!.

سێ زرتەبۆزەكە بەیەكدەنگ وتیان:

- ئەم كابرایە ئەمڕۆ بەڕۆژی رووناك، ویستی بتی ئێمە بشكێنێ و، لەڕووی ئەهریمەنی مەزندا، شەرمەزارو ریسوامانبكا. وائێمەش پشت بەئەهریمەنی خاوەنی ژیان و مردن، لەتاریكیی شەودا وردوخاشیدەكەین.

مامەخەمە بەبیستنی ئەم وەڵامە، نەعرەتەیەكی وەهایلێدا، كەوەك بوومەلەرزە كۆڵانەكەی هێنایە لەرزین و هاواریكرد:

- ئاهوورامەزدە هاوار..واكوڕێكیترم بەبەرچاوی خۆتەوە لەتوپەتكرا!.. واتاڵێكیتر لەبەندی دڵم پچڕا!.

نەعرەتەکەی دانیشتووانی کۆڵانەکەی لەخەوکرد. بۆیە هەرکەسە لەلای خۆیەوە، هەرچییەکی بەردەستکەوت پەلاماریدایەو، لەپەنجەرەی ژوورەکانەوە بەدەم جنێوو تفولەعنەتەوە، ئاڕاستەی سەروگوێلاکی ئەمیانکردو، یەك بەیەکتریشیاندەووت:

ـ دیسان کابرا خڵەفاوەکەیە!.. ئاخرشەڕە نووستن و سرەوتدانی بۆنییە. بەم نیوەشەوەش وازلەکاروکردەوە پڕوپووچەکانی ناهێنێ!!.

-7-

مامەخەمە دوای لەتوپەتکردنی یەکێکیتر لەکوڕە جەنگاوەرەکانی، شیرازەی گیانی سینەفراوانی و کۆڵنەدانی پچڕاو، بەچەشنی هەرشێتێکی پەتیارە، بەدەمراکردنەوە کەوتە تەیکردنی کۆڵانەکانی شار.

خەڵکی شار هەموو ڕژانە ناو کۆڵانەکان. بەو نیوەشەوە دانیشتووانی هەر کۆڵانە، دەهۆڵ و زوڕنایان بەکارخستەو، زەماوەندێکی گەلێ بەجۆشیان سازاند. هەمووش چاویاندەبڕییە سەری کۆڵان و، چاوەڕێی دەرکەوتنی مامەخەمەی کۆستکەوتووی تازێباریاندەکرد. خۆ هەرکەلەسەری کۆڵانەوە دیاریدەداو، نەعرەتە دڵپڕوێنەکەی دەکەوتە بەرگوێیان، ئەوان بەپەرۆشەوە بەپیرییەوەدەچوون و، بەڕیزی هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەك ئابڵووقەیاندەداو، بەئاوازی بەجۆشی دەهۆڵ و زوڕنا، زەماوەندەکەیان دەگەیاندە ڕادەی حاڵلێهاتن. ژەمێکی باش بەم دەستوورە، هەستی بەسۆزی خۆیان بەرامبەر بەو سەرکەوتنە مەزنەیتری بۆدەردەبڕی. دواجا هەریەکەو بەدەم سەمایەکی دەروێشانەوە لێیدەچووە پێشەوە، تا رووبەڕووی ریشە سپییەکەی دەوەستا، کەدڵۆپی فرمێسك ریزیان بەستبووە تاڵە درێژەکانی و، چەندە هێزوتوانا لەگەڕوویدا بووایە، قاقای پێکەنینێکی وەك هەورەتریشقەی بەهاریی

بەڕوودادەدا. بەدوایدا دڵۆپێك.. تەنیا دڵۆپێك فرمێسكی لەیەكێك لەتاڵەكانی ریشی دادەچۆڕاندو، هەردوو لەپی دەستی پێتەڕدەكردن و، وەك مووفەڕك بەرووخساریدا دەسوو. ئینجا بەدەم دەستگوشینێكی پڕ لەسۆزەوە پێیدەووت:

ـ گەورەم پیرۆزبێ.. پێكمانەوە!.

ئیتر زۆری پێنەچوو مامەخەمە، لەبەرامبەر ئەم دڵسۆزییە قووڵەی خەڵكەكەدا، گەڕایەوە سەر دەقی سینە فراوانیو كۆڵنەدانە دێرینەكەی. خۆی گەیاندە چۆڵەوانییەكو، رووەو ئاسمانی شین بەچۆكداهاتو وتی:

ــ ئاهوورای مەزن بمبەخشە.. لەساتێكی لاوازیدا ورەمبەردا. هەزاران سوپاس بۆتۆ. ئەگەرچی كوڕم لەتوپەتكرا، بەڵام خۆ زەماوەندێكی بەسۆزی بۆخەڵكی شارەكەم سازاندو، كەمێك دڵیانی حەواندەوە.

**تێبینی:**

ئەم بیری راگوزارییە كەبەناونیشانی (بەچرپە) بوو، گۆشەیەكی هەفتانەبوو، كەلەژمارەكانی (15) بۆ (22)ی نێوان رۆژانی 4/25 بۆ 1970/6/13 ی رۆژنامەی (هاوكاری)دا، بەناوی (مەزدە)ی كوڕمەوە كەتازە لەدایكبووبوو بڵاوكراوەتەوە.

# تروسکەی کڵپەی جەخارێك

**لێمپرسی:**

- رووخسار بەگشتیو، لەڕووخساریشدا چاو بەتایبەتی، ئاوێنەی ناخی مرۆڤە. بۆچی کڵپەی جەخارێك هەمیشە لەچاوانتدا تروسکەدەدا؟!.

هەناسەیەکی سەهۆڵینی هەڵکێشاو، کڵپاوی دەریدایەوەو وتی:

- چیایەکەو پیایدا هەڵدەزنێم. دەزانم بەودیویدا، بۆناودۆڵێکی هەزار بە هەزار مشاربڕەو، کەچی هەرهەڵیشدەزنێم. چونکە گەڕانەوەم بۆدواوە بۆ نییە. توولەڕێی پشتەوەم، هەنگاو لەدوای هەنگاو شوێنەواری نامێنێو، دەبێتە بۆشایی. بەخواستی خۆمبێ، یەك هەنگاویتر بۆپێشەوەنانێمو، لەجێی خۆم دەچەقم، بەڵام بێهوودەیە. هێزێکی ستەمکار هەنگاومپێدەنێو هەرپێدەنێو، بەرەولوتکەی چیاو لێواری هـەزاربـەهەزارم هەردەبـا. لێیبەئـاگـام کـەچ لێوارێکی بەترسوسامە. حەزمدەکرد لێیبەئاگانەبوومایە. دەمویست لەچەشنی زۆربەی خەڵکەکە بوومایە. ترسوسامێکی ساتەوەختیی جەرگبڕو، بەدوایدا کەوتنەخوارەوە بەرەوبنی بێبنی هەزاربەهەزارەکە.

بەڵام داخ کەلێیبەئاگام‌و تێیدەگەم..کەبگرە هەرلە هەنگاوەکانی سەرەتای دامێنەوە، تێیگەیشتم‌و لێمبوو بەمەراقێکی هەمیشەیی. ئیتر لەوساوە ئەو زووخاوەی کەتۆ ئێستا تروسکەی کڵپەکەی لەچاوانمدا بەدیدەکەیت، دڵۆپدڵۆپ داتکایە ناخمەوەو، رۆژ لەدوای رۆژ تیایدا کەوتە پەنگخواردنەوە. لێمحاڵیبوویت براله.. لێمحاڵیبوویت؟!.

لەوەلأمیدا وتم:

ـ ئا بەڵێ لێتحاڵیبووم.. چونکە کڵپەکەی ناخی من، لەوەی تۆ دۆزەخیترە!.

1971

# لەنێوان سێ جەربەزە جیوەییەکەدا

**بۆی باسکردم وتی:**

**- ئەشکەنجەی هەرەسەختم لەوەدایە، کەبەسات لەسەرباری حاڵیحازرم، ئۆقرەم بەخۆم بۆناگیرێ. بەردەوام وەك مەكۆی جۆلاّ، لەنێوان ئەوسێ جەربەزە جیوەییە (رابوردوو، ئێستا، داهاتوو)دا دێمو دەچم. ئەوەشی بەردەوام دەمهێنێو دەمبا، حاڵیحازرمە. بەیانی کاتێ لەخەو هەڵدەستمو چاودەکەمەوە، چەپکە تیشکێکی خۆر دەبینم، کەلەپەنجەرەی ژوورەکەمەوە خۆی کوتاوەتە ناوەوە. ئانوسات بیروهۆشم لێیبەئاگادێو دەڵێ: وارۆژێکیتریش داهات. ئینجا کاتێ لەمەغزای وتەکەی بەئاگادێ، رادەچڵەکێو دەپرسێ: ئاخۆ هەتا ئەمڕۆ، چەندیتری وەك ئەمڕۆ داهاتوونخ تێپەڕیون؟!. گـرژدەبێو گــوڕدەبەستێتەوەو، هێندەی هێزو توانـــای بڕدەکـــا، بـــەرەوڕابووردوو دەکشێتەدواوە. چەند؟!. دەیەوێ لەژمارەیبێنێو بۆینایەت. دادەخزێتە بۆشاییەکی بێبنەوە. کۆڵناداو بەونیازەی بگاتەبنی، پیایدا لەشەقەی باڵدەدا. بەڵام بەدەمییەوە بیردەکاتەوە. ئێباشە واگەیشتەبنی. ئەی دوای ئەوە چیتر؟!.**

**سەری لێدەرناکاو، لەپەلوپۆدەکەوێ. بۆماوەی چەند ساتێ لەسەر ئەو بارە لەنگەردەگرێ..لەنگەری نێوان بوونو نەبوون. هەڵواسراوە. چ هەستونەست، چ**

بیروهۆش، هیچیان نین. تالەناکاوێکدا وەك لەدوورێکی دوورەوە پێپڕابگەیەنرێ کەمردوە، رادەچەنێ. بەدەم ترسوسامێکی کوشندەوە تیندەداتە بەرخۆیو دەبزوێ. بـــــەپڕتاو لـــــەشەقەی بـــــاڵدەداو، بـــــــەرەو نـــاوچوار دیواری ژوورەکە دەکشێتەوە.

ئەوسا دیسان خۆم لەحاڵیحازردادەبینم، کەئەوەتا هێشتا لەناو جێگەکەمدا راکشاوم. چکەیەکم لەدەمدەردەچێو، لێوێك هەڵدەقورتێنم. لەخۆم تووڕەدەبمو، بەنیمچە رقێکەوە رادەپەڕمە سەرپێ. بەڵام رادەمێنمو لەجێی خۆم دەچەقم. منی لەخەوهەڵساوی حاڵیحازر، دەبێ بچم واوواو وابکەم. ئەی ئایا مرۆڤێکی سەد..پێنج سەد..پێنج هەزار ساڵیتری دوای ئەم حاڵیحازرەی من، کاتێ لەخەوهەڵدەستێ چیدەکا؟!. بیرێکی قووڵی لێدەکەمەوەو ناگەمە ئەنجامو، دیسان کشانەوە بۆحاڵیحازر.

رابوردوو، حاڵیحازر، داهاتوو، ئای کەسێ قۆڵییەکی تەلیسماویی ستەمن!. تێمدەگەیت من لە چ حاڵێکی سەختو دژواردام؟!.

لەوەڵامیدا وتم:

ـ بەڵێ تێتدەگەم. چونکە حاڵی من سەختترو دژوارترە!.

1971

# بروسکەی رازێك

**خوێنەری ئازیزم..**

**لەم بوارەدا تەقەلادەدەم، یەکێ لەو رازانەی ناخی خۆمت بۆبخەمە سەرکاغەز، کەبەیناوبەینێك لەقوولأیی بیروهۆشمدا، بروسکەیەکی ساتەوەختیدەداو، ئیتر هەرخێرا لێمدەکوژێتەوەو وندەبێ. سائەو رازە چیبێ باشە؟!.**

**ئەوی راستیبێ تۆمارکردنی لەسەرکاغەز، کارێکی ئاسایی نییە، چونکە لەو جۆرە هەستونەستە شێوە بروسکەییانەیە، کەزمان لەئاستیاندا دەستەوستانەو، لەوزەیدا نییە کتومت وەك هەن بیاننوێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا من والێرەدا، ئەوپەڕی هەوڵدەدەم کەیەکەمجار حاڵەتەکە لەناخی خۆمدا بژێنمەوە، (کەئەمەش هەرئاسان نییە)و ئینجا دووەمجار بەوشەو رستە، چرکە لەدوای چرکەی بەگیربێنمو، بۆئێوەی بخەمە سەرکاغەز.**

بروسکەکە وەهاڕوودەدا: چرکەی یەکەم: واهەست بەخۆمدەکەم کە لەلوتکەی ئاگاداریدام سەبارەت بەبوونم لەژیاندا. بەخێرایی تیشك بەساڵەکاندادەچمەوە. لەئێستاوە بۆسەرەتاو، لەسەرەتاوە بۆئێستا. ئێستام سەرەتای چلو دووە. چرکەی دووەم: رادەمێنم.. دەحەپەسێم. ملیارەهای شانەکانی مێشکم، بەچەشنی کپیو خامۆشیی مردن، کپوخامۆشدەبن. چرکەی سێیەم: (سسسسس) خەزنەی قاروون گوژمێکیتر بەناخی زەویدا رۆدەچێتە خوارێ. ملیارەهای شانەکان کەوتوونەتەوەکار. چرکەی چوارەم: ئالاونەتە گومانێکی تەلیسماوی.. چلو دوو؟!. چرکەی پێنجەم: دەپشکنن.. وەك ملیارەها مەکۆ بەساڵەکاندا دێنو دەچنو دەپشکنن. ساوایی.. منداڵی..هەرزەکاری..لاوی..گەنجی..چلودوو. گێژەووەکەیەك بوونم لەژیاندا لەنێوان یەك ساڵیو چلو دووساڵیدا دەهێنێو دەبا. چرکەی شەشەم: شلوشەکەتیو ئینجا سەرلەنوێ، کپیو خامۆشییەکەی چرکەی دووەم. چرکەی حەوتەم: (سسسسس). چرکەی هەشتەم: چنگاڵی پرسیارێك..یەك ساڵی یاچلو دوو ساڵی؟!. چرکەی نۆیەم: نووکی چنگاڵ چەماوەیە. پەپوولەیەکدەدا لەورشەی باڵو دەفڕێ. گوڵوگوڵزارێکە دڵفڕێن. گەشکەیەکی تەلیسماوی. دەرگایەك لەگوڵاڵە. ئەودیو گوڵزارێکیتر. گەشکەیەکی گەشتر. دەرگایەکیتر. گوڵزارێکیتر. گەشکەیەکی گەشترین. دەرگاو گوڵزاری چوارەم. چواردەهەم. سیو چوارەم. چلو چوار.. نەء.. چلو دووهەم. ئای!..من منداڵێکی تەمەن چلو دوو ساڵەم. بەڵێ.. منداڵێکم تەمەنم تەنیا چلو دوو ساڵە!.

بەڵام داخ..لەچرکەی دەهەمدا، لەلوتکەی ئەو گەشکەیەمدا، لەناکاوێکدا بروسکەکەم لێدەکوژێتەوە. دەبمەوە بەمرۆڤە تەمەن چلو دوو ساڵەکەو، لەخۆم

**بەئاگادێمەوە، کەدەبێ ئامادەی دەستەویەخەوەستانی، هەزاری چڵو دووهەمینی، تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکانی بوونمبم لەژیاندا!.**

1978/1/15

**بەغدا**

بەدەسخەت لەدوالاپەڕەی رۆژنامەی (عێراقی کوردی)ی ژمارە (11)– ك2/ 1978 دا بڵاوکراوەتەوە.

# شـــيعر

# بوون و نەبوون

ئەوەتەی هەم
لانکەی مەرگم رادەژەنم
گلی چاوی ژانی جەرگم
دەریای مەنگی
سۆزو هەستم دێنێتە سوێو
بلوێری ژەنگاویم دەژەنم
تەمەن ئەڕواو مانگ و ساڵم
سات لەدوای ساتی ئەوساڵم
یائەمساڵم
(ئەچن بەکۆڵەکەی ئاشا
ئەچن بەناو خول و گێژی دوو بەرداشا
بوون و نەبوون)
گەردوون.. گەردوون

فریامکەوەو بێرەوەرام
بوون و نەبوون
وەك هالاوی کڵپەو گڕی ناوبورکانێك
بەڕووی منی منی منا شالاودێنێ
باجی کسپەی
ژان و ئازارێکی ئەوتۆم لێئەسێنێ
من زەویم بۆنەکێلابوو
هەویرم بۆنەشێلابوو
کەچی لانکەی مەرگم راژەند
بلوێری ژەنگاویم بۆژەند

12/11ی حوزەیرانی 1973

●

# گەردوونە خەمێك

**گەردوون دادمە من بێدادمە**
**لەونهێنییە دێرینە سەختەت**
**داد بێدادمە**
**لەکوێوە هاتووی، تۆ بۆکوێ دەچی؟!**
**ئاخۆ من شەیدای بنوبنچینەی لەوەبەری تۆم؟!**
**شەیدای دواساتی هەناسەدانی سەرەمەرگی تۆم؟!.**
**یاخوو تۆ شەیدای دواهێزو توانای**
**دوادەسەڵاتی**
**دواهۆشوبیرو تەدبیری منی؟!**
**گەردوون دادمە من بێدادمە**
**لەدەس چەتوونیو ئەم ئاژاوەیەی**
**تۆ بێدادمە**
**چۆن باوەڕبکەم تۆ بێسەرەتاو تۆ بێکۆتاییت؟!.**

**یابەسەرەتاو یابەکۆتاییت؟!**

**گەردوون سەرەتاو گەردوون کۆتایی**

**جووتێ خواوەندن**

**جەنگی مەغلّووبەی لەسەرتەختنانی**

**خوایەکی تازە**

**بۆ من‌و بۆتۆ هەڵئەگیرسێنن**

**کەلەو جەنگەدا خوێن لاشەئەبا**

**حەلەلای لاشە بەرەودەریای تۆ شالاّوئەهێنێ**

**ئەوسا بەحەفتا هەزاران حەفتا**

**لەهاوارئەدەن: تۆبە یا حەننان**

**حەفتا هەزاریتر هاوارئەکەن:**

**تۆبە یا مەننان**

**گەردوون دادمە من بێدادمە**

**کوا کەی حەننان‌و کەی مەننانەکەت**

**دێن بەدەنگ دادی دادی دادمەوە؟.**

**کەی من تێتئەگەم؟!**

**کەی من زەفەر بەو نهێنییە سەختەت**

**ئەبەم‌و ئەبەم؟!**

**بەغدا**

3/2**ی تەمووزی** 1973

●

# سیزیفەکەم

سیزیفەکەم
سیزیفە گیاندێرینەکەم
دیسان ئەوا نیوەشەوە
دیسان ئەوا
کسپەی ئازاری ناخی تۆ
ئەداتەوە لەجەرگی من
تاشەبەردەکەی سەرشانت
بۆجاری سیازدەهەزارو هەشسەدجارە
بۆبناری بەیانیانم
تل ئەخواو بەرئەبێتەوە

• • •

سیزیفەکەم
سیزیفە گیاندێرینەکەم

ئەمشەو رەشەبای ئازارم
گێژەڵووکەی
تەمەنی پەستو بێزارم
رقو کینەی
سەد هەزارجار سەرکەوتنم
سەد هەزارجاریش نووچدانو
بەربوونەوەو ژێرکەوتنم
ئەمهەژێنن ئەمکەن بەگەرد
ئەمپرژێنن، ئەمکەن بەگلی ناوچاوی
ئەوانەی بەئازاری تۆ
پێئەکەنن
بە تاشەبەردی سەرشانت
بەسەرسەختیت
بەئارەقی ناوچەوانت
بەهەڵچوونت
بەگلۆربوونەوەو رۆچوونت
پێئەکەنن سیزیفەکەم
سیزیفە گیاندێرینەکەم

• • •

سیزیفەکەم
نیوەشەوەو بەرێزەکان
بەرێزە سەر

بەرێزە دڵئاسنینە
جادووگەرە بەفیزەکان
لەملاولەولاو لەهەموولا
ئێستا خەوی خۆش ئەبینن
پاسەوانی
بەردەرگای بەهەشتی ژینن
کەچی وامن سیزیفەکەم
سیزیفە گیاندێرینەکەم
ئازاری تاشەبەردەکەو
ئەملاو ئەولاو
هەموولاکان خۆشنوود ئەکەم
سیزیفەکەم

بەغدا
11/10ی نیسانی 1974

●

# پرسیار لەقەوان

هەموو لەشم
هەموو هەستو بیروهۆشم
سەرسامییەو رمی پرسیار
ئەچەقێتە
گەرووی قەوانێکی سواو
قرخن قرخن ئاوازێکم
بۆجاری هەزاران جارە
بۆ لێئەداو ئەداتەوە:
ئازیزەکەم
کات رەنگی خۆی ئەداتەوە
شوێن چڵکی خۆی ئەشواتەوە
مرۆڤی ژێر ئەم دەستاڕی کاتو شوێنە
رەنگێك ئەباو رەنگێك دێنێو

جڵکێك ئەباو چڵکێك دێنێو
ئەو ڕەنگەش‌و ئەم چڵکەشی
سەدبارە هەرئەداتەوەو ئەشواتەوە
بۆیە من واهەموو لەشم
هەموو هەست‌و بیروهۆشم
سەرسامییەو ڕمی پرسیار
ئەچەقێتە
گەرووی قەوانێکی سواو
قرخن قرخن ئاوازێکم
بۆجاری هەزاران جارە
بۆ لێئەداو ئەداتەوە
بۆ لێئەداو ئەداتەوە

بەغدا
17/16ی نیسانی 1974

●

# رامان لەگێژاوا

چوارچێوەم‌و وێنە ونە
جەستەم‌و گیان سەروبنە
چالاکیم‌و کەچی ورتە
لەهەرشتبێ لەمن نایە
هاوارم‌و دەنگ دەرنایە
بەتەمام‌و کەچی ئاوات
کەڵبەی کوڵی
لە گوڵمی دڵم گیرئەکات
مرۆم‌و حەزی ئاژەڵێك
لەداخمایە
ئاژەڵم‌و نیازی مرۆڤێك
لەناخمایە
شەوەزەنگم‌و تروسکەی

**تەنیا مۆمێك ئەمبەزێنێ**
**رووناكیمو ئاوابوونی**
**رۆژێك مانگێك ئەستێرەیەك**
**ئەمتاسێنێو رەشپۆش ئەبم**
**خامۆش ئەبم**
**ئەوسا هەست ئەكەم ئەم هەموو**
**ئازارو ئەشكەنجە بێبنە**
**دۆزەخی راستەقینەی منە**
**هاوارئەكەم حەننانەكەم**
**هاوارئەكەم مەننانەكەم**
**دادێك دادێك**
**واپەیكەری شەیتانەكەم**
**زمانم لێدەرئەكێشێ**
**نوخشەی مەرجی**
**مانو نەمانم ئەبەخشێ**
**ساحەننانو مەننانەكەم**
**پرسیارێكەو لەتۆی ئەكەم**
**من بمێنم یانەمێنم؟!**

**بەغدا**
**7/6ی مایسی** 1974

●

# ڕەشەبای ناوەڕوون

ماخۆلانێکی بێسرەوت
شەوەزەنگێکی ناو ئەشکەوت
گێژەڵووکەو هەوری خەمێ
گڕی ئاگری دۆزەخێ
قرچەی سووتانێ ساتبەسات
تۆزقاڵ تۆزقاڵ
بمکا بەکڵۆیەك زووخاڵ
کسپەی ئازارێکی جەرگبڕ
ئاخێکی بێدەنگی کپوکڕ
بانگەوازی بنی بیرێ

"مردن.. مردنی ئانوسات"

نهێنییەك بێکۆتایی

ئەشکەنجەی هەستی تەنیایی

تینوێتیی ناو

بیابانێکی پانوبەرین

جانەوەرێکی سامناکی

ناوچیرۆكو داستانی کۆن

هەربمخوات و بژێمەوەو

هەربژێم و بمخواتەوە

سیمورخێکبێ‌و

بمفڕێنێ بەرەوئاسمان

هەربفڕێت و هەرنەگات و

سیمورخ بمخاتەخوارەوە

جەستەم لەو بنئاسمانەوە

بەربێتەوەو بەربێتەوەو

هەرنەگات و هەرنەگات

گشت ئەم بیرە ئاڵۆزانە

ئەم هەستە تفتوتاڵانە

لەئۆقیانووسی دەروونما

وەك ڕەشەبا هەڵئەكەن و شاڵاودێنن

بەسات كپبوونیان بۆنییە

داخۆ هۆی ئەم ژانە دڕە

داخۆ چاری

چۆنەو چییە؟!

بەغدا

6/5ی مایسی 1976.

# شیعری وەرگێڕدراو

## شاعیری کازاخستانی
## ئاپای کۆنانبابیڤ 1845-1904

شاعیرێکی گەورەو بەناوباگە. وەك فەیلەسووف و ڕووناکبیرێکی مرۆڤپەروەر ناسراوە. بەدامەزرێنەری ئەدەبی نوێی کازاخستانی دادەنرێ. لەشیعرێکیدا دەڵێ:

لەدامێنی شاخاندا هاوارمکرد
لەچاوەڕوانی وەڵامدا برژام
چەندم هەوڵدا
تەنیا دەنگەدەنگێکم هاتەبەرگوێ
چەندیترم هەوڵدا دڵنیاببم
ئاخۆ ئەو دەنگانە وەڵامی منن؟!.
گەڕام.. ناوشاخەکانم تەیکرد
تەنیا تاشەبەردی کەڕولاڵم دی

**کەبەئاخوئۆفێکی کپی تاڵ**
**وەڵامی هاوارەکەمیاندەدایەوە**
**سوارەکان دایان لەئاوزەنگی**
**تێیانتەقاند**
**منیان لەچەقی ڕێگاکەدا بەتەنیا**
**بەبێهاودەم جێهێشت**
**ئای.. سەرگەردانیی من چارەسەری نییە**
**دەبا کڵپەو بڵێسە لەگەرووەمەوە شاڵاوبەرێ و**
**هەوای دەوروبەرم داخبکات**
**بالافاو فرمێسکی چاوانم بسووتێنێ**
**ئای... فرمێسکەکانم پشکۆی چ ئاگرێکن**
**نوێنە نەرمونیانەکان قورسن وەك قوڕقوشم**
**سەری ماندوو ناحەوێننەوە**

**تێبینی:**

●لەعەرەبییەوە کراوە بەکوردی.

●عەرەبییەکەی لەنامیلکەیەکدا بڵاوکراوەتەوە کەگۆڤاری (لۆتس) بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی نووسەرانی ئاسیاو ئەفەریقاوە لە(ئەڵماتا)ی پایتەختی کازاخستان ساڵی 1973 سەبارەت بەئەدەبی ئەو وڵاتە چاپیکردبوو. گۆڤارەکە یەکێتیی نووسەرانی ئاسیاو ئەفەریقا لەقاهیرە دەریدەکرد.

●کوردییەکـــەی لـــەهاوکاریی ژمـــارە (192)ی ڕۆژی 1973/11/9 دا بڵاوبۆتەوە.

# شاعیری سەنیگالی
# لیۆپۆلد سینگۆر

ســـاڵی 1906 لـــەدایکبووە. دوای وەرگرتنـــی ســـەربەخۆیی، بـــوو بەســـەرۆکی وڵاتەکـــەی. بـــەڵام لەهەمانکاتـدا، شـاعیرێکی بەناوبانگیشـبوو، کەبـەزمانی فەڕەنســـی دەینووســـی. لەســـاڵی (1934)ەوە لەگـــەڵ شـاعیرێکیتری سـەنیگالیدا (ئیمـێ سـیزێر)، بـەوە ناسـران کەهەوڵدەدەن رەنگوبۆو شێوەی تایبـەتیی ئەدەبی زنجـی بسەلمێنن، ئیتر بەهەر زمانێك بنووسرێ.

سینگۆر لەم شیعرەیدا کەبەناونیشانی (ژنە ڕەشەکە)وەیە، بەڕوونیو بەجوانی ئەو ڕێبازە شیعرییە تایبەتییە دەنوێنێ.

# ژنە ڕەشەکە

ژنە ڕەشەکە..
ئەی ئەو پێسترەشە قەترانییەی
ڕەنگەکەت ڕەگی ژیانەو
شێوەت ماکی جوانییە
من لەسێبەری تۆدا گەشاومەتەوە
شیرینیی لەپی دەستی تۆ مەستیکردووم
ئەی ئەو بەهەشتەی
مزگێنیتم لەبڵندییەوە بۆدێ
هائەوەتا من لەدڵی هاویندا
لەدڵی نیوەڕۆدا دەتدۆزمەوە
هائەوەتا شۆخوشەنگیت
لەلوتکەی کێوی داروپەردوویەکی ڕەقهەڵاتووەوە
وەك بروسکەی ناوچاوی هەڵۆیەك

لەناخی دڵمدا شریخەدەدا

ژنە رووتەکە..

ئەی ئەو تەلیسماوییەی

میوەیەکی پێگەیشتووی گۆشتنیت

گۆشتێکی پاراوی توندوتۆڵ

گەشکەی خاوی مەیەکی رەشیت

لێویێکیتو لێوم دەخەیتە گۆرانی

گژوگیای (ساڤانا)و ئاسۆی گەشیت

گژوگیای ساڤانا کەلەترسی گەمەی

بای تووڕەی لای رۆژهەڵات دەلەرزێ

ئاوازی دەهۆڵی (تامتام)

دەهۆڵی تامتامو بەدەستوپەنجەی سەرکەوتوو بنەڕێنێ

دەنگی هێمنو خەمباری لەرزۆکت

گۆرانیی کیژێکی دڵدارە

ژنە رووتەکە.. تەلیسماوییەکە..

ئەی ئەو رۆنەی

هیچ کەسێك بۆی لەباوەش ناگیرێ

ئەی رۆنی تێهەڵسووراوی کەمەری زۆرانبازانو

لەشی میرەکانی (مالی)

ئەی پڵنگی خاوەن چەندین پەیوەندی لەگەڵ ئاسماندا

بەتاریکستانی پێستی لەشتەوە

هەزارەها گەوهەری درەوشاوە دەبینم
سەرجەم لەزەت و خۆشیی بیروهۆش
لەزەتی نمەکی هوشیاری
تیشکدانەوەی زێڕی
پێستە ورشەدارە گەوهەرییەکەتن
لەسای سێبەری قژتا ئازارەکانم
بەتیشکی خۆرەکانی ناوچاوانت
ساڕێژدەبن.. دەڕەوێنەوە.. ژنە رووتەکە
ئەی پێستڕەشە قەترانییەکە
من دەمەوێ بەجوانیی تۆدا هەڵبدەم
من دەمەوێ نەمریی ئەو جوانییەت بسەلمێنم
نەوەکو جارێکیتر چەرخی چەپکردار
بڵێسەی ژیانت تێدا بکوژێنێتەوەو
بتکا بەخۆڵەمێش
من فیشکەی خراپەکاریو نامەردی دەبیسم
لێرە کەسێك لەژیان نادوێ
هەموو هەمیشە لەسەرپێن خۆڵبکەنە چاوتەوە
بەردەوام تەڵەکەبازیی پیرەڵۆك دەبینم
درۆو دەلەسەی تەمەندرێژ دەبیسم
پێنج کەس وەك برا دەمناسن
چواریان شیریان لەمەمکی یەك دایك مژیوە

بەڵام کاتە سامناکەکانی تەنهایی لەبننەهاتووم

وەختە گیانم بتاسێنن

کەسوکارم ئەم زەمینەیان تەنیوە

دۆستو برادەرانم لەتەکمدان

کەچی هێشتا هەرجێهێڵراوم.. تەنیاباڵم

وەك گۆڕی (شامان)یکی پیر[1]

کە خەڵکی خۆیانی لێکەناردەگرن

ئەمە راستییەکی سەختەو

هەردەم دەلاقە دەکاتە گیانم

**لە ( هاوکاری ) ژ/ 194- 23/11/1973 دا بڵاوبۆتەوە.**

●

---

[1] شامان: لەکوردیدا جادووگەرێکی نەگریسی چارەگران دەگرێتەوە.

# شاعیری ژا پۆنی
# ماسکۆتاکی جۆش

**دوو نموونە لەشیعرەکانی**

**1-سەربازەکان**

**ئەوەی لێتان ونکردین بماندەنەوە**
**ژیان.. ئەو ژیانەی لەناخماندا دەشنایەوە**
**بماندەنەوە".**
**دەستانیان لەژێرخاکەوە**
**وەك بیانەوێ بدوێن**
**هەڵتۆقینە دەرەوە**
**ژمارەیان لەئەستوونەکانی تەلگراف زیاتربوو**
**لەقامیشەڵانێکیش چڕتربوو**
**خەمو پەژارەیان لەدەروونداا دەبزواند**

هەموو خۆیان هاویشتە سەرعارەبانەیەك
كەبەلارەلارو تاقوتۆق ڕێگای دەبڕی
خۆیان پێچكەكانیان خولدەدان
تاسڕبوون‌و لەناكاو
لەخولاندنەوەكەوتن
داخ.. ئاسۆی دووری ژیان
هێشتا ڕەنگی خوێنێكی نوێی
تێدا دەبریسكێتەوە

## 2–ئادەمیزادو دەریا

لەقووڵایی دەریاوە دەنگێك دێتەبەرگوێم
دەزانم دەنگی مردووانە
كەچی دەبیسم زیندووانیش
هەرلەقووڵایی دەریاوە دەنگیاندێ
دەدوێن
دووانی ناو دەریا كەهەمیشە ئاڵۆزو تێكشكاوە
هەمیشە سامناك‌و تێكئالاوە
سەرنجبدەرە چینچینی ئاوی سارد یاگەرمی
ئاخۆ چەند چەرخ‌و ڕۆژگاری
یەكلەدوایەكی هەڵلووشیوە
بگرە تیشكیش
تیشكی بەرهەمی خۆی

**تیشکی ژیان‌و مردن**
**هەرلەو قوولاییەی خۆیەوە**
**لەگەڵ بیروهۆشی چالاك‌و گەشدا**
**لەگەڵ ئاسمانی خولخواردووی**
**دەوری هێڵی ئاسۆدا**
**بەیەکدادەدەن.. بەگژیەکدادەچن**
**ترس‌و تکا لەلای ئەو زیندووانەی**
**بێپەروا ئامادەن بلەرزن**
**ئەمە بانگەوازی مردووانە**
**کەچی لەوپەڕی دەریاکەوە**
**ماسیی ئاسوودە قەڵەمبازدەداو دەدرەوشێتەوە**
**ساتکایە تێمبگەیەنن**
**ئادەمیزاد لەژیاندا**
**دەیەوێ چ مەغزایەك بسەلمێنێ؟!.**
**ئای کەچ چەرخ‌و رۆژگارێکی دوورودرێژ**
**هەتا ئێستا تێپەڕیوە!.**

**هاوکاری** –ژ/ 198 –1973/12/21.

# شاعیری دوورگەکانی ( الرأس الأخضر )
# گابرین مارینۆ

## گۆرانییەك بۆ دوورگەکەم

کێ بەدرێژایی رۆژگار دەکڕووزێتەوە
لەناو لیتەو لمی کەنار دەریادا
لەبرساندا گەوزەدا
دەمرێو بۆگەندەکا؟!
کێ هەنگاوەکانی بەردەوام رۆدەچنە
ناو چڵپاوی کاتێکی سنوورتەسکەوەو
پەنجە درێژەکانی دەقرتێنرێن؟!
کێ شەوانی تەمەنی
بەسەرڕۆژانێکدا کلۆمدەکرێن
کەهەرگیز چاوی پێیاننەکەوتوە؟!
منم!!..
کێیە چاوانی

**خوێنێکی بزڕکاوی قێزلێکراویان تێزاوە**
**تیژترین ئازار دەردەبڕن**
**دیمەنی سامناکترین مردن دەنوێنن؟!**
**کێیە هەزارجار هەڕاجکراوە**
**هەزارجار کوژراوە**
**هەزاران هەزارجاریش ریسواکراوە؟!**
**منم!!..**
**کێ لەتەویلەی بۆگەنی بەرازاندا لەدایکبووە**
**کێ هەردەم نینۆك دەچەقێنێتە بەرەبەیان**
**کێ ساتە ساختەکانی شەو دەشێوێنێ؟!**
**منم!!..**
**منم کەلەناوجەرگەی ستەمترین مردنەوە**
**لەدایکدەبم**
**منم لەدووتوێی تیژترین ئازارەوە**
**لەقوولایی تاڵترین ساتی بێدارییەوە**
**لەدایکدەبم**
**تکایە کەس بەسەرجەنجاڵێکم تێنەگا**
**من خۆم ئاسایش**
**بۆ ئەم زەوییە سەوزە بەدیدێنم**
**لەپێناوی بەرەبەیانێکی گەشی بێئاغادا**
**گۆرانیی بۆدەڵێم**

**هاوکاری** –ژ/ 202- 1974/1/18.

# ژنە شاعیری سیرالیۆنی
# ئەلین کۆلکەر

## ژن و مێردایەتی

دووباڵندە.. دوو باڵندەی جوان
پەڕوباڵیان سەوزە.. زەردەو شین
دووباڵندە.. دوو باڵندەی خنجیلە
هاوسەرەکەم و من
قردێلەیەک.. قردێلەیەک لەئاڵتوون
پچڕاندنی زۆر ئاسانەو بەڵام
گەلێک لە پۆڵا پتەوتر
دەمانکاتە دووگیان لەیەک لەشدا
هاوسەرەکەم‌و من
چواربال.. چوار باڵی ئاسک
بەقووڵایی ئاسماندا هەڵفڕین

بەپەرۆشەوە هەڵفڕین
دووباڵ بەرەورۆژئاوا
دوویتر بەرەورۆژهەڵات
هاوسەرەکەم‌و من
پەڕوباڵمان هەڵوەرین
باڵەکانمان تێکشکان‌و بەڵام
هێشتا هەرتەقەلادەدەین
هێشتا هەرسوورین لەسەرهەڵفڕین
جارەهایجار
کەوتینە خوارەوەو
هەپروونبەهەپروونبووین
هاوسەرەکەم‌و من
دووباڵندەین پێمان ناووترێ جوان
پەڕووباڵە رەنگینەکەی جارانمان نەماوە
هاوسەرەکەم‌و من

**هاوکـــــــــــــاری** –ژ/ 209–

.1974/3/15

●

# شاعیری کازاخستانی

# ئۆڵجاس سلێمانۆف

## گاگارین

من عاشقی جوانیم
ئای چەند لەمێژە
من خەو بەجوانییەوە دەبینم
ئای چەندجار لەوپێناوەدا لەخاجدرام
بەڵام لەئەنجامدا
خۆم هەرگەیاندە قووڵایی ئاسمان
سەرم لەکەشکەلانی فەلەك هەردا
منی درووستکەری ئەو رووبارانەی
زەوی شەقدەکەن
منی زەبوونکاری دەریا بێبنە سەرکێشەکان
چوومە سەرتەخت
تۆش ئەی زەمین
کڕنووش بۆئادەمیزادببە
ئیستا منم کردگاری تۆ

هاوكاری – ژ/ 209-
1974/3/15.

# شاعیری ئەنگۆلایی

# ئۆگۆستینۆ نیتۆ

ساڵی (1922) لەشاری ئیکۆلای ئەنگۆلا لەدایکبووە. دوای دەرچوونی لەزانکۆی (لەشبۆنە)، بۆماوەیەك پیشەی دوکتۆرییکردوە. هەر لەوماوەیەدا چۆتە ریزی بزووتنەوەیەکی رۆشنبیرییەوە، کەئامانجی ژیاندنەوەی کلتووری گەلی ئەنگۆلابووە. لەوەبەدوا روویکردۆتە سیاسەت و، لەساڵی (1960)دا بۆتە سەرکردەی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئەنگۆلا. بەڵام هەر لەوساڵەدا گیراوەو، لە بەندیخانەیەکی لەشبۆنەدا بەندکراوە. لەساڵی (1962)دا لەبەندیخانە هەڵاتوەو، گەڕاوەتەوە ئەنگۆلاو، کەوتۆتە سەرکردایەتیکردنی خەباتی چەکدارانەی گەلەکەی، دژی پورتوگاڵی داگیرکەر...

**لەساتی لێکدووركەوتنەوەدا**

دایە..
"ئەی هەموو ئەو دایکانەی

کەجگەرگۆشەکانیان لێیاندوورن"
تۆ فێری چاوەڕوانیو هیواداریتکردم
چونکە تۆ خۆت لەکاتی
بەسەرهاتە جەرگبڕەکاندا وەهابوویت
بەڵام من ئێستا لەناخدا
ژیان وەهادەبینم کەئەو هیوایەی تاساندوە
لەوەزیاتر چاوەڕێناکەم
دەبێ من چاوەڕێبکرێم
تۆ گۆشتدەکردین کەئێمەین
ئەو هیوایەی بەئاواتییەوەیت
ئێمەی ئەو جگەرگۆشانەی
کەلێت دوورکەوتووینەتەوەو
پەیمانمان لەگەڵ باوەڕدا بەوهیوایە بەستوە
ئێمەی کوڕانی رووتوڕەجاڵی ناودارستان
ئێمەی بێبەش لەخوێندنی قوتابخانە
ئێمەی کەلەپانایی دەشتەکانماندا
لەقرچەی گەرمای نیوەڕۆدا
پیشەمان یاریکردنبوو بەتۆپی پەڕۆ
ئێمەی کەلەکێڵگەکانی درەختی قاوەدا
مۆمی رۆژانی ژیانی خۆمانمان
بۆ گوزەرانێکی کولەمەرگی دەسووتاند
ئێمەی پێسترەشی نەفام
کەدەبوو هەردەم

**کڕنووش بۆپێستسپییەکان ببەین**
**لەئاستی دەوڵەمەندەکاندا**
**ترسوسام لەشمان بخاتەلەرزین**
**ئێمەی ناو گەڕەکە پۆخڵە بێکارەباکان**
**دایە ئێمە**
**کوڕە ڕەشوڕووتە برسیو تینووەکانتین**
**ئەو کوڕانە ڕاستگۆن کەبانگتدەکەن: دایە**
**ئەوانەی ناوێرن بەسەربەستی بەشەقامەکاندا بگەڕێن**
**ئەوانەی لەئێستەدا**
**لەئادەمیزادانیتر دەسڵەمێنەوە**
**دایە ئەوانە ئێمەین**
**ئێمەی هیوای سەندنەوەی ئاسوودەیی ژیان**

**هاوکاری –ژ/** 218- 1974/5/17.

## شاعیری ئازربایجانی رەسووڵ رەزا

### پەنجەرەیەك بەسەر دوارۆژدا

پەنجەرەیەکم بەسەر دوارۆژداکردەوە
بەقووڵایی زنجیرەیساڵەکاندا هەڵمڕوانی
دیم خەڵکێکی زۆری گەشکەدار دێن و دەچن
دیم هەزاران پردی گەورە،
بەسەر ئەو سنوورانەدا رایەڵکراون،
کەهیچ پێویستییەك بەبوونیاننەماوە.
دیم پردەکان بەسەر دەریاکاندا دادەکشێن
لووتکەی شاخەکان بەیەکتر دەگەیەنن
دیم چەندین رێگاوبان، تاچاوبڕکا کشاون
بەداروپەردووی بەندیخانەو قەڵاکان،
بەردەڕێژ کراون.
دیم خەڵکەکە، لەسپیو رەش و زەرد،
یەکێکی بێڕەنگیش،

دەست لەناودەستداو شادمان دێن‌و دەچن
لەگەڵیاندا من‌و تۆش.
من‌و تۆی دڵ پڕ باوەڕ بەئێستاو،
هیوادار بەدواڕۆژ.
ئەوسا من دەروونم کەیلدەبێ
هەستی گەشکەداریم دادەگیرسێ
هاواردەکەم: "براکانم..براکانم"
ئەوان بەدەنگی گرمەی هەورێك وەراممەدەدەنەوە.
یەکتر دەدوێنین.. لەگفتوگۆ ناکەوین
هەموو بەیەك زمان قسەدەکەین
براکانم...
دایك‌و فرزەندەکان..
خەڵکینە ئێوە هەموو...
وەرن باهەموو باوەڕپتەوبین
کە دەتوانرێ‌و دەشێ
ئەم هیواو ئاواتە بەم نزیکانە بێتەدی
دەبێ بێتەدی

(1)رەسووڵ رەزا: شاعیری گەلی ئازربایجانە. ساڵی (1910) لەدایکبووە. یەکەم بەرهەمی لەساڵی (1927) دا بڵاوکردۆتەوە. تائێستا (40) دیوانی شیعری لــــەچاپـدراوە. لەسەر شیعرێکی کەبۆ (لینین)ی وتوە، خـــەڵاتی پێدراوە. ئەم شاعیرە لەهەڵسووڕاندنی

کاروباری دەوڵەتیشدا پایەی بڵندە. ماوەیەکیش سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی ئازربایجانبووە.

# چیرۆک

# خاڵخاڵۆکە

کونەدەرزییەکبوو..بووبەکونەمشکێك..کونەڕێوییەك..کونەگورگێكو، دواجار کونەفیلەتەنێك!.

فیلەتەن بەشێوەیەك بەکونەدەرزیدا دەچووە ئەودیوو دەهاتەوە، کەدەتووت بەتوونێلێکدا ئاودیودەبێو دێتەوە!. مشكو ڕێویو گورگیش، وەك تێسکەی تفەنگ، خۆیان پێدادەکردو دەهاتنەوە دەرەوە!.

ئەو،چاوزەقو دەمداچەقیو..هەستونەستتەقیوو بیروهۆشتۆقیو، سەراسیمەو حەپەساو، بینایی ئاڕاستەی کونەکەکردبوو!.

فیلەتەنێك کەبەپەلە رووەوکونەکە ملیدەنا، هەڵوێستەیەکیکردو سەرنجێکی پڕ لەسەرسوڕمانیدایە. تالەناکاوێکدا قاقایەکی هەورەتریشقەیی بەڕوودااو، بەرەوکونەکە تێیتەقاندو ئاودیوبوو!.

مێروولـــــەیەك هـــــات!. ئـــــاوڕێکی لێدایەوەو راوەستا. ماوەیەك بەپەژارەوارییەکی قووڵەوە سەرنجیدایە. تالەپڕێکدا دایەپڕمەی گریانێکی بەکوڵو، پڕ بە حەوزێك فرمێسکی بەدەوردا هەڵڕشت. ئینجا لەپڕێکیشدا دایەقاقایەکی شێتانەو، بەپەلەپڕووزێی دواکەوتوویەکەوە، خۆی کوتایە ناو کونە دەرزییەوەو، ئاودیویبوو!.

خاڵخاڵۆکەیەك هات!. خاڵخاڵۆکە نیازی ئاوڕلێدانەوەو راوەستانینەبوو. ئەم بەگەشکەدارییەوە راگیریکردو لێیپرسی:

ـ خاڵخاڵۆکە ماڵی خاڵمنا..ماڵی خاڵم پێدەزانم. ماڵی (هین) لەکوێیە؟!.

خاڵخاڵۆکە بۆی راوەستاو راما!. بۆماوەیەکی زۆر ورتەوجووڵەی لەبەربڕاو، متوخامۆشبوو. خاڵەڕەشەکانی سپیدەبوون. پانتاییە ئاڵەکانی رەشدادەگەڕان. رەشەکان ئاڵو، ئاڵەکان رەش‌و، هەردووك بێڕەنگدەبوون‌و، هەردووکیش رەنگی پێشوویاندەگرتەوە. ئەوسا خاڵخاڵۆکە سەرێکیباداو، وەك ناچاربووبێ وتی:

ـ وەرە سەرکەوە سەرپشتم. تۆ بەم گەڕانەت بەدوای هیندا، سەری خۆت بەفەتارەتدەدەیت. تۆ خۆت لەم راستییە ئاگادریت؟!.

ـ وەك ئەگەر بەڵێ، نەك وەك ئەرێ.

ـ ئەگەر وەك ئەرێبێ ناچیت؟!.

ـ با هەردەچم. سەرێکەو هێناومە.

ـ وەرە سەرکەوە. من بۆئەوێ نەدەچووم. رێگەی من بۆلای خاڵوانبوو. بەڵام لەبەرخاتری تۆ دەیگۆڕم.

سەرکەوتە سەرپشتی‌و، خاڵخاڵۆکە رایفڕاند. بردی‌و هەربردی تاگەیاندییە ئاستی کونەدەرزی. لەوێ پێیووت:

ـ بەرگەبگرەو ورتەت لەدەمدەرنەیەت.

بەرگەینەگرت. هەرهێندەی بەودیوی کونەدەرزیدا چوون، هاواری لێهەڵسا:

ـ بۆگەن..خاڵخاڵۆکـــە بۆگەن هەراسانیکردووم. خۆم پێڕاناگیرێ. دەڕشێمەوە.. دەبوورێمەوە!.

خاڵخاڵۆکە وتی:

ـ مەترسە..هەناسە لەخۆت بڕە. ماوەیەکی کەمە.

ماوەیەکی کەمو هاتەوە سەرخۆی. خاڵخاڵۆکە وتی:

ـ هەڵڕوانەو ببینە.

هەڵیڕوانیو بینی..فیلەتەن ڕێویبوو. ڕێوی گورگ. گورگ مشك. مشك مێروولە. مێروولە فیلەتەنو، بەردەوامیش لەجێگۆڕکێدابوون!. ماوەیەك سەرسامو حەپەساو بەدیاریانەوە راما. ئەوسا وتی:

ـ خاڵخاڵۆکە حاڵیبووم. تکایە لەگەڵ خۆتدا بمبە بۆماڵی خاڵوان.

بەغدا/ 1975

**تێبینی:**

پێشتر بڵاونەکراوەتەوە.

# بێئارامی

بەئاگاهاتەوە. هەستە بێتامو رەنگوبۆکەی لێورووژایەوە. وەك زنجیرە کسپەیـــــەکی لــــەبننەهـــاتوو، لــــەنــاخیدا هەربرووسکەیدەداو دەدایەوە. رووخساری..چنگوپەلی..جەستەی گرژبوونەوە. قاچی راستی کەوتەوە لەرزین. ئەوی متکردو، چەپی بینیگرت. روانییە دۆلکەئاوەکەی بەردەمی. دەستی بۆبردو بەرزیکردەوە. چەماندییەوەو ئاو لەلێوە کەلەکەیەوە، داچۆڕایە ناو پەرداخەکە. پەرداخ تاکەمێ سەروو نیوەی، پڕ لەئاوبوو. دۆلکە راستکرایەوەو، دانرایەوەو، پەرداخ هەڵگیراو لەناو مشتنرا..مشتی دەستی راست. نەیبرد بۆدەمی. ئەویشی دانایەوەو، بینایی گواستەوە. بینایی لەسەر پاکەتو شقارتەکەی نیشتەوە. دووشت لــەشێوەی ئــەندازەییدا چــوونیەكو، لــەقــەوارەدا جیاواز. شقارتەکە لەپاکەتەکە بچووکترە.. بۆچی؟!. ـ جا ئەوە دەهێنێ پرسیاری بۆبکرێ؟!. وای

بەخۆی وت. ـ چونکە قەوارەی دەنکەکانی ناو ئەویان، لەجگەرەکانی ناو ئەمیان بچووکترە. وەها وەرامی خۆیدایەوە. ـ خۆ دەشگونجا وەکیەکبن. ـ چۆن؟!. بیری بۆسەیرانەکەی رۆژی هەینییان چۆوە. بەدەگمەن سەیران هەیە، پێویستییەك لەوردەکانی تێدا لەبیرنەکرێ. ئەمان لەو جارەدا شقارتەیان لەبیرچووبوو. بەبێشقارتە ئاگرناکرێتەوە. کە ئاگریشنەکرایەوە، واتە سەیراننەکراوە.

ئەم تەنگەتاوبوو. ـ وەرە چوونە سەیرانیش هەر بێئارامتبکا!. وای بەخۆی وت و، کەوتە پەلەقاژەی پەیداکردنی شقارتە، پێش ئەوەی بگەنە جێسەیران. لایاندایە لای دووکانێك.

ـ کاکە شقارتە هەیە؟.

ـ ئەوانەم هەن.

ئەوانە قوتوە شقارتەی زەبەلاحبوون. هێندەی ئەم پاکەتەی بەردەستیو رەنگە گەورەتریش. ئەم پێشتر نموونەی لێدیبوون و وتی:

ـ کاکە ئەمە بۆپڕوپاگەندەکراون!.

دووکاندار وتی:

ـ بەڵێ دەزانم. منیش بەتایبەتی پەیدامکردوون، چونکە سەیرانکەران ئەمەیان بۆسەیران پێباشە.

بۆچی ئەمەیان پێباشە؟!. ئەو وەختە نەیپەرژا، نەلەدووکانداروو نەلەخۆی بپرسێ: بەڕاست بۆچی؟!. هێنایو بردیو وەڵامی دەسگیرنەبوو. قاچی راستو ئینجا چەپی خستنەوەلەرزین. دەستی بۆپاکەتو شقارتەکەبرد. گرتنییە ناومشتیو تێیڕوانین. سەری پاکەتیکردەوەو، پەنجەی درێژکردن جگەرەیەکیان پێدەرببێنێ. لەخۆی بەئاگاهات، کەسەری زمانی دەچووزێتەوە. دووکەڵی جگەرە بەودەردەیبردبوو. پەنجەیکێشانەوەو، پاکەتو شقارتەینانەوە جێی خۆیان. قاچی راستو چەپ، بەرودوا کەوتنەوە لەرزین. ئەوانی متکردو،

پەنجەی هەردوو دەست ئالآنەیەکتر. دوژمنکارانـــــه یەکتریان هەڵدەگلۆفت. دەتووت دەیانەوێ یەکتر بفلیقێننەوە!. ـ بۆ وادەکەن؟!.. خۆ باوکی یەکتریتان نەکوشتوە؟!. وای لەخۆی پرسیو، جیایکردنەوە. وەك ترسی تێهەڵچوونەوەیان لێبکا، بەملاوبەولای جەستەیدا شۆڕیکردنەوەو، خۆی لەنێوانیانداکردە چەپەر. خۆشی پاڵیدایەوەو، وەك شلەهەویرێك وردەوردە، نوقمی ناو کورسییەکەبوو. بێئەوەی چاو بنووقێنێ، نوستو خەونێکی بینی. لەخەونەکەیدا فڕێدرابووە بیابانێکەوە. بیـابانەکـە بێئاسمانبوو. ئەم هـەردەڕۆیشتو هـەردەڕۆیشتو، بیابانی بێئاسمان کۆتایی هەرنەدەهات. تالەناکاوێکدا خۆی بەسەر چیایەکی بڵندبڵندەوەبینی. چیاکە ئاسمانی هەبوو. ئاسمانێکی زۆر نزم.. ئەوەندە نزم کەئەم وای هەستدەکرد، بەدەم رۆیشتنەوە سەری لێیدەخشێ..هەردەڕۆیشتو لێیدەخشا. تادیسان لەناکاوێکدا، خۆی لەسەر رۆخی هەزار بەهەزارێك بینی. ئەم ترسا بەربیێتەوەو راوەستا. بەڵام لاقەکانی رۆیشتن..رۆیشتنو ئەمیان بەجێهێشت. هەر رۆیشتنو هەرڕۆیشتن، تالەوەدابوو لەچاو ونبن. ئەوسا ئەم تەنگەتاوبوو. پڕ بەگەروو هاواری لێکردن:

ـ مەڕۆن بگەڕێنەوە مەڕۆن..من بەبێئێوە لەسەر ئەم چیایە چیبکەم؟!. بگەڕێنەوە..تکایە بگەڕێنەوە.

لەدەنگی خۆی بەئاگاهاتەوە. هەڵسابووە سەرپێو هاوارهاواریبوو. خورپەیەك بەهەناویدا تێسکەیکردو، روانییە دەوروپشتی. دەوروپشت چۆڵچۆڵبوو. دانشتەوەو سەرنجی بۆپاکەتو شقارتەکەچۆوە. دوو شت لەشێوەی ئەندازەییدا چونیەكو، لەقەبارەدا جیاواز. شقارتەکە لەپاکەتەکە بچووکترە.. بۆچی؟!. نەچووەوە سەر بێنەوبەرە لەبارەیانەوە. دەستی بۆبردنو لەمشتیگرتن. سەری زمانی هێشتا هەردەچووزایەوە. سەری زمانی بەلەعنەتکردو، جگەرەیەکی لەپاکەتەکە دەرهێنا. دەنکە شقارتەیەکیش لە شقارتەکە. جگەرەی بەلێوەوەناو، بەدەنکە شقارتە ئاگریدا.

لێوانی لەفلتەر تونکردن‌و، تەووژمی دووکەڵی پێهەڵمژین. چزووی تەووژمی دووکـــەڵ، بـــەســـەری زمـــانییەوەیـــدا. ســـەری زمـــان لـەتـــاو ئـــازار نـــاڵاندی‌و، ئەم پشتگوێیخست. چۆوە وێزەی بێئاراممییەکەی‌و لێیپرسی:

- بۆچی‌و لەپای چی؟!.

لەوەڵامدا وتی:

- نازانم!.. تەنیا واهەستدەکەم کەناخم پووتە.

- پووت؟!.. یانی؟!.

- یانی هەناوێکی بەتاڵ‌و، بەردەوام بەناوخۆیدا دادەڕمێ.

- داڕمان بەمانای؟!.

- بەمانای بێئارامی.

- ئاخر بۆچی‌و لەپای چی؟!.

- نازانم.. وتم نازانم!.

بەدەمییەوە دەستێکی تێکەڵ لەبێزاری‌و تووڕەیی بەتوندی راوەشاند. دەست بەر پەرداخە ئاوەکەکەوت. ئاو رژایە ژێر پاکەت‌و شقارتەکە. پاکەت‌و شقارتە بەپەلە پەلاماردران. هەریەکەیان گیرایە ناو مشتێک‌و، درانە بەرسەرنج. دوو شت لەشێوەی ئەندازەییدا چونیەک‌و، لەقەبارەدا جیاواز. شقارتەکە لە پـــاکـەتەکە پچووکتـــرە..بۆچـــی؟!. فریـــانـەکـەوت بچێتـــەوە ســـەر بێنەوبـــەرە لـــەبارەیـــانەوە. ئـــاگری جگەرەکـــەی دەستی، چزەی لەپەنجەکانی هەڵساند. جگەرەو پاکەت‌و شقارتەکەی فڕێدان‌و، راچەنییە سەرپێ.

بەغدا- 1975/8/7

**تێبینی:**

**پێشتر بڵاونەکراوەتەوە.**

# بینگرتن

لەدەرگادرا. دەبوو من بەدەنگەوەبچمو چووم. کیژێکی نەشمیلەبوو. وردیلەیەکی رەنگوڕووگەشی پڕاوپڕ لەژیان. وتم:

ـ فەرموو!..

سووکەڕاڕاییەکم لەڕووخساریدا خوێندەوە. سەرنجێکی خێرایدایە پشتمەوەو، روانییە ناوماڵ. پچڕپچڕ وتی:

ـ نازانم بڵێم چی!..تۆ..رەنگە!..

من دەنگمنەکرد. ئەو هەستیکرد کەسەرسامم. وتی:

ـ بمبەخشە..ئەو دوو ژوورەی سەرەوەتان..رۆژی دووشەممە هاتم لەگەڵ هاوسەرەکەتدا باسمکرد..

ویستم هەڵبدەمێو بوارینەدام. قسەکەی تەواوکردو وتی:

- داوامکرد بەکرێ بمدەنێ. وتی: مێردەکـــەم لـــەســـەفەرەو، رۆژی هەینی دێتەوە. ئاگاداریدەکەمو ئەوسا وەرەوە. واهاتوومەتەوە بەوهیوایەی کەتۆ..

دیسان هەوڵی قسەپێبڕینیمداو نەیهێشت. لەسەری رۆیشتو وتی:

- وەڵامێکی دڵخۆشکەرەمبدەیتەوە. زۆر دڵتەنگو زۆر بێزارم. حەوت مانگی رەبەقە بۆخانوودەگەڕێین. حەوت مــــانگە شوومکردوەو، مارەمبڕاوە. لەوساوە وێــڵی یــــەکـــدوو ژووری وەك ئـــەمـــەی لای ئێوەین تیـــایـــدا ســاکنببینو، دەستماننناکەوێ. توانای بەکرێگرتنی خانووی سەربەخۆمان نییە. بشمانبێ بۆئێمە لەبارنییە. دەسگیرانەکەم، یائێستا ئیتر دەبێ بڵێم: مێردەکەم، ئەندازیارە. یاچاکتر وایە بڵێم ئەندازیاربوو، چونکە ئێستا سەربازە. سەربازیش خۆت دەزانیت لەچ حـــاڵێکدایە!. شـــەوێك لەماڵەوەیەو، سێ شـــەو نەء. ئەو شــــــەوانە من بەتەنیا لەخانوویەکی سەربەخۆدا، چۆن بتوانم هەڵبکەم؟!. من خۆشم مامۆستای سەرەتاییم. پێرار دامەزرام. یانی دوو ساڵە بوومەتە خاوەنی سووکەمووچەیەك. ماڵی باوکی دەسگیرانەکەم، یائێستا ئیتر دەبێ بڵێم: ماڵی باوکی مێردەکەم، باری داراییان باشە. مەگەر ئەوان وەك بەڵێنیانداوە یارمەتییەکمانبدەن. دەنا بەو تاکە مووچەیەی من ناتوانین بژین. دایکم بەردەوام پێمدەڵێ: کچم پەلەی چیتە!. سەبربگرە تامێردەکەت سەربازییەکەی تەواودەکاو، دەستی لەکارێك گیردەبێ، ئەوسا خانوویەکی سەربەخۆ بەکرێ بگرن. بەڵام ئەگەر بڵێم کەمن ئەم قسەیەی دایکمم هەرگیز بۆ لەگوێناگیرێ، دەزانمو دڵنیام کەتۆ خۆت لێمتێدەگەیت بۆچیو چۆن؟!. هاوسەرەکەت باسی خۆتانی بۆگێڕامەوە. وتی: منیش هەمان دەردمچەشت. وتی: منیش کەشوومکرد، مێردەکـــەم لـــەتـــازەدەرچوانـبـوو. کـــرا بەسەربازو ساڵێکی خشت چاوەڕێمکردو، ئەشکەنجەی چاوەڕوانیم نۆشی!. ئیتر تۆ خۆت دەازنیت چاوەڕوانکردن چەند ناخۆشە. بەتایبەتیش بۆمن کـــەجگە لـــەو حـــەوت مـــانگەی دوای مـــارەبڕینەکەم،

چوار ساڵی ڕەبەقی پێشتریشی دەچێتەسەر. چــوار ســاڵی مــاوەی دڵگۆڕینەوەمان لەگەڵ یەکتر. ئیتر ساڵانمانڕاکێشا. من دەرچووم‌و بووم بەمامۆستا. ئەویش بوو بەئەندازیار. لەگەڵ دەرچووونمدا زۆر کەس هاتنە خوازبێنیم. هەمووجار دەمووت: شووناکەم. دایکم‌و باوکم سەرسامبووبوون. ئەوانەی دەهاتنە خوازبێنیم، هەموو کوڕی باش‌و لەبنەماڵەی ناسراوبوون. تادواجار باوکم بانگیکردمە لاوەو لێیپرسیم:

ـ تێمگەیەنە..بۆچی شووناکەیت؟!.

بـــاوکم ڕووناکبیرو تێگەیشتوە. ئـــەویش وەکوو من مـامۆســتابووە. ترسم لێینەبوو. لەدڵدا وتم: فرسەتە. باباسەکەی لەلایەکلاییبکەمەوە. پێمووت:

ـ باوکە گیان..لەگەڵ کوڕێکدا دڵمانگۆڕیوەتەوەو، بەڵێنمان بەیەکترداوە.

باوکم بەنەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

ـ باشە بەڵام ئەی ئەو شۆڕەسوارەت، بۆچی نایەتە بەرمەیدان‌و، ئێمە لەسەریەشەی خوازبێنیکاران ڕزگاربکا؟!.

قسەکەی باوکم دڵمی گەشاندەوە. حەزمکرد باوەش بەملیدابکەم‌و، تێرتێر ئەملاوئەولای ماچبکەم. بەڵام تەنیا وتم:

ـ ئاخر بابەگیان..ئەویش ساڵی پار خوێندنی تەواوکردو بووبەئەندازیارو، ئێستاش براوە بۆسەربازی.

ئەو وتی:

ـ قەیناکا..پێیبڵێ بابێت داواتبکاو مارەتببڕێ‌و، سەری ئێمە سووکبکا. ئینجا هەرکاتێ ڕزگاریبوو، بتگوازێتەوەو بچنە ماڵوحاڵی خۆتان.

ئەمجارەیان حەزەکەم بەجێهێناو، کەوتمە ماچبارانکردنی. بمبەخشە..دەزانم تۆ ناچاری گوێگرتن لەم هەقایەتەی من نیت‌و، ڕەنگە سەغڵەتیشبوو‌بیت. بەڵام ویستم بۆتی ڕوونبکەمەوە، کە چ من‌و چ مێردەکەم لەو بابەتە خەڵکەنین، ئەگەر ئەو دوو ژوورەتانداینێ‌و لەگەڵتاندا ژیاین، خوانەخواستە ببینە گیروگرفت بۆتان‌و، ڕەوتی

ژیانتان لێتێکبدەین. بەپێچەوانەوە..من دڵنیاتدەکەم..من بەڵێنتدەدەمێ کەدەبینە دوو خێزانی هەرە دۆستو خۆشەویستی یەکتر. من لەلای خۆمەوە تەنیا بەو نیو سەعات دانیشتنەی ئەو رۆژەم لەگەڵ هاوسەرەکەتدا، تەواو خۆشمویستو هۆگریبووم. دڵ لەدڵدەڕوانێو من بێگومانم، کەئەویش هەمان هەستونەستی بەرامبەر بەمن لەلا بزواوە. تەنانەت دڵنیایکردم کەخەمی رازیبوونی تۆمنەبێ. بگرە..بگرە ئەگەرچی کردنی ئەم قسەیەم هەندێ رووهەڵماڵراویشی تێدایە. بەڵام بەو پێیەی کەلەنێوان خۆشەویستاندا ئـــەو بـــایەخەی نـــامێنێ، هـــەردەیکەم.. هـــاوســـەرەکـــەت وتی: لـــەڕازیبوونی ئەو بێخەمبـــە!..من دەزانم چۆنـــی رازیـــدەکـــەم!. ئیتر ئەوەتـــا هاتوومو دەستەودامێنتم. هیوادارم رازیبووبیت یاخود کرابیتو، دەست بەڕوومەوە نەنێیت!.

ئەو کەلەسەر قسەکردن بینیگرتبوو بێدەنگبوو. منیش کـــەلـــەسەر گوێگرتن بینمگرتبوو، هەربەخامۆشیمامەوەو هیچم بۆنەووترا. تاکاتێ هێزی پرسیاری لێخستمەکارو وتی:

ـ چیت فەرموو؟!.

ئەوسا خۆم لەدەریای بینگرتن بەگوێگرتنەوە دەرکێشایەدەرەوەو وتم:

ـ ئەوەی دەبوو ئەم هەقایەتەی بۆبکەیت من نیمو کاکمەو، وادەچم بۆتی دەنێرم!.

**بەغدا** -1975/7/11.

**تێبینی:**

**پێشتر بڵاونەکراوەتەوە.**